www.kurdistannet.org
8-3-2003 12:05

# خۆپشاندانی کوردستان ینیەکانی باشووری ئوسترالیا دژی هەرەشەکانی تورکیا



کوردستانیەکانی باشوری ئوستڕالیا ( South Australia) بە مەبەستی دەربڕینی هاوپشتی لەگەڵ گەلەکەمان لەباشووری کوردستانو مەحکووم کردنی نیازە گڵاوەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ دەست تێوەردانو هێرش کردنەسەر باشووری کوردستان، لە شاری ئەدڵاید خۆپیشانانێکیان وەڕێ خست.

ڕۆژی ٢٠٠٣-٠٣-٠٥ بەرانبەر ١٤ی ڕەشەممەی ٢٧٠٢ بەمەبەستی دەربڕینی پشتیوانی زێدەترو گرێدانو جۆشدانی ئەو سێڵاوی بێزاریو ناڕەزایی دەربڕینە کە لەکوردستانو لە هەندەران دژی هەڕشەو خۆگیف کردنەوەکانی لەشکری ڕژیمی داگیرکەری تورکیا دژی ئەزموونی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئازاد ئەنجامی دەدات، لە شاری ئەدڵایدی ناوەندی باشووری ئوسترالیا خۆپیشاندانێکی گەورە سازکرا. خۆ پیشاندانەکە لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت کە بۆ ئەم مەبەستە پێکهاتبوو بانگەوازی بۆکراوو لە گەڵ پێشوازی گەرمی کوردستانیەکانی ئەم ولایەتە بەرەو ڕووبوو. کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ لە گۆڕەپانی "ڤیکتوریا"ی ناوەندی شارەوە بەناوەڕاستی ڕاستە شەقامی King Williamدا بە دروشمدان بەرەو بەردەرکەی بینای پارلمانی باشووری ئوستراليا وەڕێکەوتن. دروشمە سەرەکیەکانی خۆ پیشاندەران بریتی بوون لە: نا بۆ هێرشی تورکیە، نابۆ لەشکرکێشی تورکیا، نابۆ داگیرکردن، نا بۆ دووبارە بوونەوەی کارەساتی وەک هەڵەبجەو سەرەنجام ئازادی بۆ کوردستانو بەڵێ بۆ کۆتایی هێنانی سەددام. وێڕای ئەم دروشمانە ئاڵای کوردستانو ئاڵای ئوستڕالیاش بەڕێژەیەکی بەرچاو بەرزکرابوونەوەو دەربڕی ناسنامەی خۆپیشاندەرەکان بوو.



پاش ئەوەی بە دروشمدانو دەربڕینی بێزاری، خۆپیشاندەران گەیشتنە بەردەمی تەلاری پارلمان هاوس، سەرەتا پەیامی لیژنەی خۆپیشاندان لە لایەن خالید عەزیزی بەزمانی کوردی خوێندرایەوەو بەدوای ئەویشدا



کاک شێرکۆ کرمانج دەقی ئینگلیزی پەیامەکەی پێشکەش کرد. پاشان پارلمانتاری سەوزەکان لە پارلمانی ساوس ئوستراليا بەڕێز کریس هانا بەوتەیەک هاودەردی و پشتیوانی خۆی بۆ گەلی کورد دەربڕی. کاک عەلی شەخسیو کاک مەحەممەد هاشمیش بە نۆبەی خۆیان چەند وتەیەکیان پێشکەش بە بەشداربوان کرد. لەگەڵ بەردەوام بوونی درووشمدان سرودی نەتەوایەتی ئەرەقیبیش لە لایەن بەشدار بوانەوە خوێندرا. پێویستە بگوترێ خۆپیشاندانەکە بەڕێکوپێکی بەڕێوەچوو گشت بەشداران بەدڵگەرمیەوە بەشداریان تێدا کرد. هەروەها لەسەرەتاوە تا کۆتایی خۆپیشاندانەکە دەقی ئینگلیزی پەیامی لیژنەکە بەڕێژەیەکی زۆر لەناو خەڵکی شاردا بڵاوکرایە. دەبێ بگوترێ ژمارەیەکی زۆر ئوستراڵیو ئێراقیو ئێرانی لە خۆ پیشاندانەکەدا بەشدار بوون.

ئەوەش دەقی پەیامی لیژنەی بەڕێوەبەری خۆپیشاندانەکە:

ئازادی خوازانی دونیا

ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان

کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان

پارلمان و دەوڵەتی ئوستڕليا

وادیارە جارێکی دیکەش کورد دەبێتەوە قوربانی سیاسەتی قزانج پەرەستانەی زلهێزەکانی گەورەی جیهان و دەخوازرێ ئەزموونە نمونەکەی لەناو ببردرێ. سەرەتاکانی ئەم دیاربوونە لەوەوە دەرکەوت کە بەپێی ریکەوتنێک ئەمریکا ڕێگا بەهێزی ئەسکەری تورک دەدات بە ئارەزووی خۆی خاکی باشووری کوردستان داگیر بکات.

هەروەک دەزانن بەشێک لە خاکی کوردستان کە لە بن دەستی ڕژیمی دەسەڵات داری عێراق دابوو لەپاش شەڕی دووهەمی کەنداو و کۆڕەوی ملیۆنی خەڵکی کوردستان لە ترسی کۆمڵکوژی لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانی دژی سەددامەوە پارێزگاری لێدەکرێ. لەو کاتەوە کە ئەمڕۆ یازدەساڵی بەسەردا تێدەپەڕێ گەلی کوردستان سەرەڕای ئەوەی لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەو ڕژیمی ئێراقیشەوە کەم و زۆر لەژێر گوشارو پاڵەپەستۆدا بووە، بەڵام هەناسەیەکی بە ئازادی لەسێبەری ئەو پاراستنەدا هەڵکێشاوەو لەوەش گرینگتر ئەزموونێکی دیموکراتی بەڕێوەبردوە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە ئیوەشەوە بەباشی لێی ئاگادارە. بێجگە لەوەش گەلی کوردستان بەوردو درشتەوە هەرلەسەرەتاوە دەستیان دایە ئاوەدانکردنەوەی وەڵاتەکەیان کە بەتەواوی وێرانو خاپوور کرابوو. بۆ ئەم کارەش ڕیکخراوە مرۆییەکانی دنیا بە ئوستالیاشەوە پشتیوانو هاوکاریەکی بێوێنەیانکردین. ئەمڕۆ پاش یازدە ساڵ وڵاتێکی وێرانکراو ئاوەدانکراوەتەوەو زیاتر٤٠٠٠گوندی سوتێنراو سەر لەنوێ بیناکراوەتەوە.



ئێستا لەکاتێکدا کە هێزەهاوپەیمانەکان بە سەرکردایەتی ئەمریکا دەیانهەوی ڕژیمی زۆرداری سەددام کە هۆکاری نەگبەتیو نەهامەتیەکانی گەلانی ئێراقە برووخێنو

کۆتایی بە چەندین دەیە زۆرداری و کۆنەپەرەستی، ئەشکەنجەو کۆمەڵکوژیو جینۆسیایدی ئەم ڕژیمە بهێنن، لە وەها کاتێکدا ڕژیمی ڕەگەزپەرەستی تورکیا دیهەوی هێرش بکاتە سەر ئەو گەلەی کە سالهای ساڵە دەچەوسێتەوەو، ئەوە یازدە ساڵە لەبن سێبەری پاراستنی هاوپەیمانان دا بەشێک لەخاکەکەی ئازادو ڕزگارە، داگیربکاو ئەو گشتە دەسکەوتەی کە وەدەستی هێناوە لیی زەوت بکات. دەوڵەتی ئەمریکا بەڕێگە پێدان بە هێزەکانی تورک بۆ ناو خاکی کوردستان دەخوازێ ئەو ئازادیەمان زەوت بکرێ و ئەوبەشەی نەتەوەی کوردیش بکەوێتە بەر شاڵاوی تواندنەوە لەلایەن کەمالیستەکانەوە. هەروەک چۆن ساڵهایە بەشێکی گەورەی نەتەوەی کورد لەبن دەستیان دەناڵێنن و قڵت و بڕ دەکرێن. بێگومان دەبێ دنیا ئەوەی باش بزانێ کە کوردەکان ئەزموونی تالیان لەگەڵ تورکەکاندا هەیە.

لە کاتێکی وەهادا داوا لە ئێوەو بیروڕای گشتی جیهان دەکەین ڕێ لە دەست درێژی دەوڵەتی تورکیە بگرنو مەهێڵن خاکو ماف و ئازادیمان پێشێل بکەن. دەوڵەتی تورکییە دەوڵەتێکی ڕەگەزپەرەستو فاشیستە. ئەم دەوڵەتە مێژوویەکی خوێناوی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ گەلانی ناوچەکەهەیە. کۆمەڵکوژی ئەرمەنیان و حاشاکردن لە بوونی ٢٠ ملیون کورد لە ژێردەسەڵاتی خۆیدا وێرانکردنی زیاتر لەچوار هەزار گوندو شارۆچکەی کوردستانی بن دەستی تورکیە، داگیرکردنی قیبرس و بوونی هەزاران بەندی سیاسی سەلمێنەری ئەوڕاستیەن.

بۆیەش داگیرکردنو دەستێوەردان لەکاروباری کوردستان لە لایەن تورکیەوە زەنگێکی خەتەرە بۆ مرۆڤایەتی و ئەگەر ئاوساری ئەم ڕژیمە زۆردارە شل بکرێ، زۆری پێناچی شاهیدی تراژیدیای دیکەی وەک هەڵبجەو ئەنفال و لەناوبردنی نەتەوەی ئێمە دەبنەوە. هەر لەوکاتەش دا ئەم کارەی تورکیە دەبێتەمایەی دەستێوردانی دەوڵەتانی ئێرانو سوریەش کە بەشێک لەخاکی کوردستانیان داگیر کردوەو بەمەش کوردستان دەبێتە مەیدانی ڕمبازێنو تەراتێنی وڵاتانی هەرێمەکە. وەبیریشتان دێنینەوە کە نەتەوەی کورد بەگشتی لە ئازادیوو دەسکەوتەکانی خۆی پارێزگاری دەکاتو ئامادەنیە بەهیچ نرخێک دەست لە ئازادی و سەروەری خۆی هەڵگرێ. ئەو چرای ئازادیەی کەتورکیە دەخوازێ خامۆشی کات بەرهەمی دەیانو بگرە سەدان ساڵ خەباتو تێکۆشانی نەتەوەیەکەو پاروویەک نیە بەئاسانی قووت بدرێ.

ئێمە لە لەگەڵ مەحکوم کردن و شەرمەزارکردنی پیلانی تورکیە لەدژی خەڵکی کوردستان زەنگی ئەم خەتەرەتان بەگوێدا دەدینەوەو داوا لە گشت مرۆڤایەتی ئاشتی خواز دەکەین ڕی لە دەستتێوەردان و سەرەڕۆیی‌و شەڕفرۆشی دەوڵەتی تورک بگرنو گەلی کورد لەدەستدرێژیەکانی سەدامو تورکیەو ڕژیمەسەرەڕۆکانی ناوچەکە بپارێزن.

لێژنەی بەڕێوەبەری خۆپیشاندان

٢٧٠٢–١٢–١٤

٢٠٠٣–٠٣–٠٥